ئەکتەر پۆیستی بەناسین و شارەزایی لە تیۆرەکانی کەستی هەیە ؟ لەکاتی نواندندا !!

بەباز محەمەد جزا

لەسەرەتادا بەنیاز نەبووم لە م بارەیەوە هیچ بڵێم ، بەڵام هیچ لەوە ناخۆشترنیە کاتێك دەبینیت هەمووان حوکم و بریار لە سەرباشی و خراپی ئەکتەر دەدەن لەکاتێکدا چەندین تیۆری هونەری و دەروناسیانەو فیکری و فەلسەفی و هتد … هەیە بۆناسینی کەستی کە پۆیستن و ناکرێت بەباش و خراپ و گۆرەکاری ماندوو بونیان رەتبکرێتەوە یان پەسەند بکرێت . ئەمەش بۆ وەرگرو ئەکتەرو دەرهێنەریش مەترسیدارەو لەووی تیۆریەوە و پۆیستە هەمووان بزانن چۆن مامەڵەدەکەن و لە کوێدا دەتوانن سوود لە تیۆرێکی دیاریکراو وەربگرن لەبەرهەمێکی شانۆییدا یان یپَویستە کە قسەیان لەسەر بکات و کاریان لەگەڵدا بکات ، بۆئەم مەبەستە خوێندنەوەیکی خێرا دەکەم بۆ کتێبی (نضریات الشخصیه) ی نووسەر "سیمۆن کلاپیە ڤالادۆن " کە " علی المصری " وەری گێراوەو بەرهەمی " المؤسسه الجامعیه للدراسات و النشر والتوزیع " و چاپی دووەمی ساڵی 1993ز

وەکو لە پێشەکیەکەی ئەم کتێبەدا هاتووە وشەی کەستی "الشخصیه-personalite " چەمکێکی پەیوەستە بەدەروونناسیەوەو زمانێکی مەحەکییە ودواتر ئەم زاراوەیە وەرگیراوە لە بواری قەزاو ئەدەب و هونەر و لاهووت و هەروەها لەفەلسەفەشدا . بەڵام ئێستا ئەم چەمکە بووەتە هەستێکی هاوبەش لەنێوان زۆرێك لە زانستەکاندا و لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا هەرچەندە مێژوو دەوڵەمەندە بەوەی کە بەخڕایی گۆرانکاری گەورە ووەدات لەووی واتاوە بەڵام وشەی "PERSONALITE" ی " فەرەنسی" ش ، لەوشەی "PERSONA" لاتینی وە رگیراوە بەواتای "دەمامك –قناع – روپۆش " و لەسەر تەختەی شانۆ بەکارهێندراوە و واتاکانیشی جۆراو جۆر بوون لەوانە : " دامالینی سیفاتە بەشەریەکان لە خودا و نزیکبوونەوە لە بەرجەستەکردن" . وەکو دەروناسەکانیش جەختی لێدەکەنەوە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە

کورت ناکرێتەوە بۆ پێناسەیەکی دیاریکراو بەڵام بەمەبەستی ئاشنابوون بە تێگەیشتنە جیاوازەکان نووسەری ئەم کتێبە چەند پێناسەیەکی هەبژاردووە لەوانە : "أ. ڤکسلیارد " دەڵێت : " کەسێتی بونیادێکی یەکگرتووی تەواوە و ڕۆژەییە و پەیوەستە بەزمانەوە بۆ بیرکردنەوە ، کەوا دادەنرێت ئەوە تایبەتمەندی هەرتاکێکە و ڕێگەیەکە لەشعورو بیرکردنەوەو کردارو پەرچەکرداردا هەیە لە پەیوەست بە هەستەوەرەکانەوە " و ئەو هەوڵە یەکگرتوانەش زۆرن و ئەوەی دەمێنێتەوە مۆژوویەکی شایستەیە لە تیۆرەکان و قوتابخانەکان کە هەریەکەیان تێگەیشتن و تێروانێنکیان هەیە بۆ کەسێتی تابە جۆرێکی تایبەت و شێوەیەکی کامڵ و هاوسەنگ ئەدا بکرێن و بەجۆرێك گشتاندنی بۆبکەن بۆ ئەوەی ببێتە چەمکێکی مەرکەزی و پشکە تووڵە شیکردنەوەو درککردنیدا . ئەگەر هەرتیۆرەیەك بەبەردەوامی چاوەی تیۆری و مەعقول بێت دەستنیشانکردنی دەیگەنێتە ئەوەی پێداویستیەکانی ئیدراك و تێگەیشتنی دەگاتە چارەسەری پزیشکی . ئەمەجگەلە ڕۆڵی دوانەیی تیۆرو ئەزموون ئەمەش هێندەی دروستە کە فەرمان بکات دژە مرۆییەکان پشتیان بە تێبینی و گەڕانەوە هەیە بۆی ئەوەندە شتێکی تر نییە . کە ئەم کتێبە گەشتێکی لەسە رخۆ پانۆرامییە لەم بارەیەوە .

تیۆرە دەروناسیەکان دەربارەی کەس پێمل نەبوون بە وێناکردنی کەمەایەتیانە بەکو توژینەوەو تیۆرەکانی کەس لەگەڵ مۆژووی بیری فەلسەفیدا یەکانگیرە و "IGNAG MERSON" هات بەشێوەیەکی تازە چۆنیەتی وەرگرتنی ڕشنبیری و گەشەسەندنە فراوانەکانی ئەدای بیناکردنی چەمکی کەسی کرد بەپێی پەیوەندی مرۆڤ و جۆرەکانی ئەو وێنایەی کە هەرچاخێك و کەمەگەیەك دەربارەی " کەس " دەماندات کەیەکێکە لە توخمە پێکهێنەرەکانی کەسێتی ، ئەوەش ڕۆسای بیناو تایپە وەکو "J.stoetzel" نووسی "فرەییە لە تێگەیشتن و کارەکانی کەس ، کاریگەری دەبێت لەسەر چاودێری هاوچەرخ . لە کاتێکدا لە ڕوانگەی سیینەی شێوەو بوون و تێگەیشتنی کەس لە چاوەی ئەزموونی ڕیشەیدایە ".

هەموو زانستی دەروناسی دەربارەی کەسێتی داوای ئەوەمان لێدەکات تێبگەین لەمرۆڤ و فەلسەفە دەربارەی کەس و ئەویش هەنگاوەکانی یەکسان دەبێت بە توژینەوەی فەلسەفی دەربارەی کەس کە بە درۆژایی چاخەکان لای قوبووتەوە ولەم ڕووەوە نمونەیەکی دەرخستنەکانی "مێنتانی " بۆ "کیرگارد" دێنتەوە کە خودی نە بوون و پەیوەست بوون بە مەعریفەو تیۆرەکانی دەروناسی و فەلسەفە وە ئەی چۆن

دەکرێت شانۆ لەمە دابڕین و جیای بکەینەوە لەو میراتە لەکاتێکدا هەموو هەوڵێکی مرۆڤ بۆ ناسینی مرۆڤ و پێشخستنی ژیان و ئەو جیهانەیە کەتیای دەژی؟! گونجاوە دەست بەرداری ژیان بین بۆ ئەو دێخە ناهەمواڕەی کە مرۆڤی ئەم سەردەمە تیای دەژی؟! بەکورتی چەمکی کەسێتی لەدەروناسیدا بیناکردنی زانستیانەو پسپۆریانەی خستنەووی ووڕنکردنەوەی حەقیقەتی دەرونی تاکە ئامانجی تیرە تازەکانە کە لەم کتێبەدا توژینەوە لەبارەی زۆربەیانەوە کراوە بۆ شیکردنەوەی ئەو چەمکە و سنوردارکراوە بەهەوەشاندنەوەی سەرەتاو توخمەکان و پێکهاتەکانی ، بەڵام ئەوچەمکە فرە واتایەو پەیوەندی سەرسەختی هەیە بە قوتابخانەو هەوڵستی نووسەرەکانەوە لەبەرئەوەی داشتنەوەو میتۆدەکانی توژینەوە جیاوازو فرە شێوەن و جیاوازن لە حەقیقەتی تاکدا بەڵام ناکرێت لە چوەی ئەم کتێبە پچوکەدا بە فراوانی تەواوی میتۆدەکان شیبکرێنەوە بەکو توژەری ئەم کتێبە بەسادەیی سەرنج دەبات بۆ لای پەیوەندیە هۆکاری و پاشکۆیەکان و ئامادەکاریان بۆدەکرێت لەلایەکی ترەوە .

منیش باوەڕم وایە کە شانۆکار بەگشتی و ئەکتەر بەتایبەتی ناکرێت بۆهەموو بەرهەمێك و بۆهەموو کارەکتەرێك یەك جۆر تێگەیشتن و یەك جۆر لێکدانەوەو تێگەیشتنی هەبێت و دەکرێت بەتوژینەوە لەکەسێتی بگاتە ئەو کارەکتەرەی کە پێویستە لەسەر تەختەی شانۆ بەرجەستە بکرێت . لەبەرەئەوەی خودو ناوەوە لەدەروناسیدا هاوشێوەی ئەو ئەزموونەیە کە ئامانجی جەنگینە لەگەڵ نەکیرەکاندا کە بەبەهانەی ئەوەی زانستی دەروونیەو پەیوەستە بە هوشیاریەوە کەئەمەش گەواهی دانە بەزاراوەیەکی نوێ وەکو " شعوری من " یان " هوشیاری خود" و ... هتد وە لەو ئەژمارو ئامانجەدا هەڵ و وێنەی چاوەڕوانکراو دەستدەکەوێت بە تایبەتی لە پشکنینی کەسێتیدا و لەو وێنانەدا دەروناسی ئەکادیمی نەهی لەوەدەکات کەناودەبرێت بە کیبیك و ئەزموونگەری و ئەو تێبینە دروستدەکات کەدەتوانین گرانکاری بکەین بەمیتۆدێکی وەرگیراوو بەرهەمهێن . لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا زانین دەربارەی ناسینی کەسێتی گەشەسەندنێکی ڕاستەقینە وبۆ بەکار هێنانی پڕاویستیەکان ڕێگ گەلێکی تایەبەتی و زۆر هەبوون و لەئەنجامدا دیاردەیەك سەرهەڵدا کە بەپێی پێویستی زیندەوەران بەتەنهاو بە شێوەیەکی دروستکراو نمایشی تیرەکان و سەرنجدان و ناساندنی چەمکەکانی ژیانیان سەر ڕێگا دەخست .

لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا نووسەر باسی ئەوەدەکات " واتا " لە تیرەکانی دەرون ناسیدا ئەوق نادرێت بەکو کەمەڵك لایەنی نزیکی

هەیە لە کەستی و ئەگەری خستنە ڕووی یەکبوونی تەروانینەکانی دەروونناسی و کۆمەناسیە و منیش لێرەدا پەیوەست بە شانۆوە واتێدەگەم کە پەیوەندی هەیە بەو پەرزە مادیانەوە کە کە تیرەکان کاری لەسەر دەکەن وەکو چۆن لای باربا (نیسبەتە بە یژینێ باربا) باسی توژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی دەکرێت لەشانۆدا و هەرئەوانیش بوون ڕێرەوکیان بۆشانۆی نوێ کردەوە و توژینەوە لەهەندێك لە و ڕەفتارانە و قوتاربوون لە هەندێك سادەگیی و تێگەیشتن لە چەمکەکانی "دۆخ و ڕۆڵ و هەوێست" هەبوو واتێدەگەم ئەم خاڵە زۆرگرنگە کەمن لێرەدا و لەم کتێبەدا بەیانی دەکەم . هەروەکو

(ب. ماینۆڤسکی) دەڵێت : " دیالەکتیکی فرێدی پابەندەبە دەزگا کۆمەڵایەتیەکان کەکەستی بیناەکەن"لەنێوان تیرەکاندا کۆمەڵێك تێوانینی نوێ زاڵ دەبن لەگەڵ کۆمەڵێك لێکچینەوەی ڕەچەڵەکی وەکوئەوجەنگانەی کەناوەبرێن بە " جە نگە هەگیرساوە سایکۆلۆژیەکان . توژینەوەی جێرەکانی ڕشنبیری لە سلوکە مرۆییەکانیاندا و ئەوەی لە میراتی دەروناسی کۆمەڵایەتیدا دەربارەی کەستی بەمان ماونەتەوە ، بێ ئاگایانە لە ئەنترۆپۆلۆژیاو ڕشنبیری و هەکارە دیاریکراوە بیۆلۆژیەکانە. ئەمەش ڕشنبیری شەتەك دەدات و هەرلەم کتێبەدا نووسەر باسی ئەوەدەکات و بەگە دەهێنتەوە لەبارەی شیانی گرنی بەکارهێنانی وزە هەستیەکان بەپێی چاخ و کۆمەگاکان وەکو "ماکلوهان" ئاماژەی بەکردووە بەنمونە " جەخت لەسەر گۆگرتن لە کۆمەگا تەقلیدی و زارەکیەکاندا کە خاوەنی ئەلف و بێ نەبوون ، دەڵێت : چاخی چاپەمەنی سەردەمی گەشەسەندنی ڕوانیی زیاتر و بیرکردنەوەیە …(لەهان) لەوە ڕاماوە کە کە معدلی گەشەسەندن و هەکارەکانی پەیوەندی وەکو ڕادیۆ و ئۆزگەی بیستن و و سیتسمی فەزاییەکان هەستین و بەخشینی گرنگیە بە گۆگرتن و جۆڵە کە ئەوەش چاخی مارکۆنیە .

هەموتیرەکانی دەروونناسی جەخت لەوەدەکەنەوە ئەزموونی کۆمەڵایەتی گرنگن بێ بیناکردنی من و دەرکەوتنی بەشێوەیەکی فراوان و کاریگەری منداَلی و نەرمی نواندن و دایکی نایاب و پەیوەندیە خۆزانیەکان و هەروەها پرسەی پەروەردە بە شێوە گشتی و فراوانەکەی ، ئەمە جگەلەوەی شێوازو ژینگەی ژیانکردن و ئیقاعی شونێنك و کۆمەگەیەك بێ کۆمەگەکانی تر جیاوازن ، هەرچەندە ئەمانەش پشت بەستوون بە گونجاندنی کۆمەڵایەتی و کاری کەسی پێگەیشتوو و گونجاندن لەگەڵ ئەو دۆخەدا و ئەمەش لەتیرێك بەیەکێکی تر

گرانکاری بەسەردا دێت . کەواتە هەڵەیەنمایشکێك یان ووداوێك یان هەر هەڵوێستێك دابڕین لە پێوەرو پێودانگەجیاوازەکان و بەهەموو کاروبارێك پەنابە ینە بەرتەگەیشتن و هەست و بیروبۆچوونە کەسیەکانی خەمان و پێویستە لە " پەرز –سیاق" ی خۆیدا خوێندنەوەی بۆبکەین و دوورکەوینەوە لە هەتکردنەوەو پەسەندکردن ، بەکو بگەڕین بەدوای زمانی نوێ و تێگەیشتنی قوڵ و هەستی بەرزو هتد ..

"سندرس" لەم کتێبەیدا توژینەوەیەکی ئەنجامدا بەناونیشانی : (S.Clapier Valladon , "panorama du Culturalisme" Epi 1976) وەکو نووسەر "سیمێن کاپیە" دەڵێت : "ئەم کتێبە گەاندمیەوە بۆ دووبارە ئەزموونکردن و کۆکردنەوە بەرەو شەپۆلی ڕۆشنبیریی ئەمریکی کە هەموو وەرچەرخانەکانی بۆساڵی (1920) دەگەڵتەوە تا ساڵی (1955) و کاریگەری ئەوانە بە بیری ئەنترۆپۆلۆجی (فرانز بواس) و زمانەوانی (ئیدوارد ساپیر)دووبارە گەامەوە بۆ ناویان و بۆلای(ەنەد بنەدت) و(میەد) و (لانتۆن) و (کاردینەر) بەناوبانگترینیان و پێویستە پاکژیان بکەینەوە" نووسەر لێرەدا ناوگەلێکی تر ێیز دەکات کەمن خەم بەگرنگم نەزانین دووباریان بکەمەوە لەبەر ئەوەی نامەوێت لەدێزە بنەەتیەکە دووربکەومەوە و بیرکردنەوەم لە دێزەجیاوازەکان بە جۆرێکە کە ئارەزووی ناوی زۆرناکەم تەنها لەکاتی پێویستدا نەبێت . نووسەر پاش ئەو ناوە زۆرانە دێتە سەرباسی(ڕۆپ بندیکت) کە هاتووە بانگەشەی بۆ چەمکی (ئایدیاڵ) ی یرۆشنبیری کردووە . وەکو تایپێکی ژیانی تایبەت بە هەرکەمەگەیەك و لێروانینی وەکو ئامانج و ێوونکردنەوەی پاێنەرە تایبەتیەکانی هەر ڕۆشنبیریەك و ێوونکردنەوەی پێوەرو ئاراستە ئەنتۆلۆجیەکانی تایبەت بەو دەروناسیە و جیاکردنەوەی نمونەی گەورەی ژیان : نمونەیەکی شەهوانی و ڕۆشنبیریانە دووێووی ئەو ژیانەن و نوێنەری هەندێك لە فەلسەفەکانن دەربارەی کەس . ئەوانیش پێناسەدەدەن دەربارەی کەسێتی پەسەندکراولەێووی کەمەایەتی و پشتگیری هەر ژیارێك بۆ تاکەکانی و ئەو مەوادو کەرەستە خاوانەی کە پشت دەبەستن بە بیناکردنی ژیان و ێیگەدان بە هەرگروپێکی مرۆیی کەوا پارچەیەك لە کەوانەی سلوکی مرۆیی شیاو دابێت و هەتا بۆ بەرزکردنەوەی بەهاکەی و دوورکەوتنەوە لە دەربڕین و بەهاو ابوونەکانی .

بندکیت دەمانبەستێتەوە بە بەچەمکی نوێی ئەم چاخەوە " بەنایابی و لادانەکانیە" وە لەهەمانکاتدا جەخت دەکاتە سەر فرە جۆری ڕۆشنبیری گەورەو مردنی مرۆقەکانی و گەانەوە بۆ چەمکی نەرمی " المرونە" ی

مرۆیی و گونجاندنی زیادەڕەوەیی تاڕادەی ئەمەی ئێستا . ئەو لیونە لەکۆنەریشە بۆ ئەو ئاڵۆزیە و بەراوردکارییەکانی و کۆکردنەوەی کارو ئاهەنانەکانی لەکاتی گەیشتن بە تایپەکانی کەسێتی و ئەو بەشە زۆرەی کەلە کۆمەڵگە نوێیەکانماندا هەن . دواتر "سیمۆن کاپیە" دێتە سەرباسی (ئەبراهام کادینەر 1891-1978) کەتیۆرێکی هەیە بۆکەسێتی و هەوڵێکی زۆندووە و باس لە ژیانی دەرونی و ڕۆشنبیریی کەسێتی دەکات و زۆربەکورتی کارەکانی کاردینەر لە سەربنەمای تیۆرەکانی کەسیۆتی بە دوولایەن دەخەینە ڕوو :

– کەسێتی وەکو سەرچاوەیەکی زیندووی ڕۆشنبیریی .

– من وەکو ئەوەی دەکەوێتە ناو ئەو ڕۆشنبیرییەوە .

کارەکانی کاردینەر لەدەزگاکۆمەڵایەتیەکاندا واتایەکی زۆر بەرفراوانی هەیە و کۆشەی تیایە لە پاڵ لایەنە شکێیەکانی ڕێکخستنی ئامڕە کۆمەڵایەتیەکان و جیاکاری بنەڕەتی لە لای ئەو " مەبەست کاردینەرە " دەکەوێتە نێوان دەزگایەکەمین و لاوەکیەکانەوە . کە ئەو دەزگایەکەمینانە پێشینەی مۆژوویی دەبەخشنە تاك لەمندااڵیەوە بەڕام بەشێوەیەکە کە کارلێك لەگەڵ کەسێتیدا دەکەن بەڕام دەزگالاوەکیەکان بەرئەنجامی کاریگەری یەکەمینە لەسەر تاك. کەس چاوگی ئەو دەزگا لاوەکیانەیە وەکو ئەنزیمەی دینی و فۆکلۆرو تەکنیکی فکریی و ئایدۆلۆژیی و …هتد لێرەدا نواندنی وەڵامەکان و بەدیلەکانی کەسێتی بەڵای کاردینەر گەڵانە بەناو توێژینەوەی بونیادی "من" ی هاوبەش لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا و بەرهەمهێنەرەکانی لەگەل یەکەمین میراتی ئەو بونیادە کە ڕیشەکەی لەویوە دێتە ناو دەزگا لاوەکیەکان .

هەرلەم سۆنگەیەوە نووسەر دێتە ناو باسی تیۆرێکی تر لەلای تیۆرسۆن (ڕالف لانتۆن 1893-1953) کە زانایەکی ئاسەوارەو بەوە خۆی لە ئەنتڕۆپۆلۆجیا جیادەکاتەوەکە چەمکی " کارپە " ی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت ، لەهەمان کاتیشدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بیری گەردوونی مرۆڤایەتیانەیە و دەڵێت : " ڕۆشنبیریی ڕوخساری ڕەفتارە بەدەستهاتووەکان و ئەنجامەکانیەتی کاتێکدا توخمە پێکهاتووە هاوبەشەکانی دەگوازرێنەوە بۆ ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو " . ڕوونکردنەوەکانی لانتۆن بنەمای ڕۆشنبیری کەسێتییە و پشکداریەکی بنەڕەتی هەیە لەتیۆری ڕەفتارەکاندا . ئەوەی لای من وەکو خوێنەری ئەم کتێبە زۆر گرنگە ئەوەیە پێگەی لانتۆن لەوەدایە دەست دەگرێت بەسەر چەمکەکانی دۆخ و ڕۆڵ لەنێوان تاك و ڕۆشنبیرییەکەیدا. ئەم تیۆریە

یگەدەدات بە بەوەی کەستی تایپکی هەبێت شیان بێت بە شیکردنەوەی ئەو مەدلەی کاری لەسەر دەکات . کەبەای من ئەمە برینە قوڵەکەی کارەکتەری ئەمەیە چ لەسەر شانبێت یان ژیانی ئاسایی هەموومان باسی جیاوازی و ئازادی و هتد... دەکەین بەام کەسمان بە کرداری واناکەین نە جیاوازی پەسەند دەکەین نە ئازادی گەر وابوایە ئستا چەندین میتدو قوتابخانەی شانیمان دەبوو بەهەر حا کتاجار تیرەی فرکردنی کمەایەتی لای لانتن پەیوەستە بە دوور کەوتنەوە لە توانای سەر هەدانی پشکە نویەکان و گەشەسەندنی کمەگا و چیرکەکانی کەستی کە دەکرێت یکەوتنکیان لەبارەوە بکرێت لەگە نمونەکانی هفتاری کەستی بەشوەیەکی پلیکانەیی و بەرهەستی کردنی وخسار و بە پوانە کردنی فرم .ئەمەش هەواکی دخشکەرە بێ مرڤە کرداری و جدییەکان تا چیتر لە رسەربنەمای ووخساریان بیاریان لەسەر نەدرێت و ئەرکی لە خیان زیاتریان لداوانەکرێت .

لرە بە دوا نووسەر " سیمن کاپیە " دتە سەر باسی تیرەکەی (مارگریَت مید 1902- 1978) ئەم کەسی کەلەبارەیەوە دەدوین زانایەکی ئەنترپلژیستە و لە ووی تیریەوە دەوەمەندە بە هەندك توژینەوەوە کە لەوانە شوە بدات بە تیریەکی دەروناسی کمەایەتی دەربارەی کەستی کە ئەم تیرسیئَنە ئاماژەی بدەکات وباس لەچەمكك دەکات ئەویش " خورپەی رشنبیری" کە تاك ئەدای دەکات و یەکەم کەس کە ئەم تیرەیەی ئاراستەکرد بئەوەی تەحقیقی گریمانەی مامستاکەی بکات (ف. بواس) " کە توژینەوەیەکی ئەنجامدا و بەرهەستی تیرەکەی " سر فرەنسیس گاتن" کرد بەناوی " چاکسازی نەسل " و جەختی لەوەکردەوە کە تەنگ و چەمەی مراهیقە ئەمریکیەکان لەئەنجامی قەیرانی ئەندامی و باغ بوون نییە بەکو بەر ئەنجامی قورسی و ئازیەکانی کمەگایە بەای ئەو و ای گشتی لەسەر بنەمای ناوبانگ و ئەفسانەی کمەلگەی ئاشتی و سەربەخو هگەزیە . پاشان نووسەر باسی ئەنترپلژیستی سیالستی " دریك فریمان " دەکات لەساموا کاری لەسەر ئەم توژەرە کرد " مەبەستم مید" لەماوەی دەسادا .

دزینەوە لەو کمەگایەدا بە پچەوانەی دوژمنایەتیەوە کە شوەیەکی تەرتیبی و ئامانجدارو پ ململانیە خای سەرەکی لە کتبەکەی "مید" بوونی ونەی نەتەوەیی و جەنگە لە ئەمریکاو فەرەنسا کە توژینەوەکەی دەبەن بەوە کە دواتر دەبنە داهندراوی نمایشی و هکارە رشنبیری و کمەایەتیەکان کەتایبتمەندی هگەزیان هەیە . لەم وەوە پشکمان دەداتێ بەشوەیەکی لەسەر خو

پلە پلەیی و دژ دەربارەی کەسێتی. بیرکردنەوەی "میدیا" دیراسەکردنەوەی دەرونی کۆمەڵایەتیە لەپاڵ لایەنە سۆکسی و هەگەزی و مرۆییەکەی لەووی سروشتی و رۆشنبیری و سەرهەڵدانیەوە بۆ چاخ و ژیارێکی تر ، ئەوەی قورسە لێرەدا ئەوەیە کە پیاوێك بێت و ببێتە باوك بەڵام زۆر ئاسایی ژن بێتە دایك و ژنی پیاوێك .

کەسێتی لە تێوانینی هەفتارگەرا کانەوە :
وەکو پێشتر لەم خوێندنەوەیەمدا باسم کرد ، چەندین تیۆرو قوتابخانەی تایبەت بەکەسیئَتی هەن کە بۆچوونی دژو لێك دوور یان لێك نزیك و چونیەك و زۆریت تریشی تیا بەدی دەکەین کە من پێم باشە زۆر بەخیرَایی ئەم کتێبە نمایش بکەم و دواتر خۆنەر خوی ئازاد بێت لە بڕیاردان ، بەنیسبەت شانۆکارانیشەوە بگەڕینەوە بۆ تیرەکان و لە بایەخ و گررنگیان تێبگەن و وابکەن لە خۆوە و سەرچاوی لەتیرێك پەسەند یان هەت نەکەنەوە بەکو بگەڕێنەوە بۆ ژێدەرە هەسەنەکان و بە پێی پێویستی بەرهەمەکە سوود وەربگرن و بتوانن خوێندنەوەی تایبەت هەنۆو بهێنن و لە م پێناوەشدا لەم بەشەی خوێندنەوەکەمدا کەدەبێتە دوابەشی کارکردنم لەم کتێبە دا بەشێوەیەکی پانۆرامی درێژە ی دەدەمێ بە هیوای ئەوەی سوودێکی هەبێت .

نووسەر ئەم کتێبە " سیمۆن کاپیە " بە باسکردنی تیرەکەی " واتسۆن " بەردەوام دەبێت و باسی مانیفێستەکەی ساڵی 1913 دەکات کە بووبە خاڵی وەرچەرخان لای هەفتارگەراکان کەلە هاستیدا ئەو بەیانە لەسەرەتادا شێوەیەکی هەها و تازەنەبوو بەتەواوی ، بەکو چەندین توێژینەوەی دەربارە کراو دواتر بنەماکانی چەسپێندران و پێش ئەو مژووە زۆربەی توێژینەوەکان دەربارەی دەروونناسی فزیۆلۆژی بوون . " فەخنە " وەکو بیریارێکی باو سەرقاڵی "میتا – ئەودیو" ی شتەکان بوو لەهەمان کاتدا لە دەروناسیی ئەندامیدا وپاشان "فۆنت" وەکو مامۆستای یاریدەدەری فیزیایی و "هلمولتز" یش لە هایدلبێرگ و لەفەرەنسا "ج. دۆما " باسی لە پەرچەکرداری جەستەیی دەکرد لەکاتی هەڕوەندا . هەروەها لە هۆوسیا " ستشنۆق " و بەسەر پەرشتی "پاڤلۆق " گۆانکاری هۆیاندا و ئەمریکی و هۆووسیەکان شعوریان کرد بە هەفتارو ناساندیان پەیوەندی هەفتارگەراکان بە " مادی میکانیکەوە " بەهۆووی ئاڵۆزی و ئامێر گەراییدا کرایەوەو بووبە میراتگری فەلسەفەی ئەپستراکت و بیریارانی وەکو " ئۆگست کۆمت" توێژینەوەی ریاێتی شعوریان کرد و ڕتیان کردەوە .

لێرە بەدوواوە نووسەر "سیمۆن کاپیە " دێتە سەرباسی زۆرێك لە

تیریەکان و توژینەوەی ئەزموونی و زانستی سەر ڕگا خران بەرەو ئامانجی تر و چەمکی کەستی نەبووە چەقی ئەو توژینەوانە بەکو بون بەکلیل بۆ کردنەوەی ردەرگای ڕاڤەی سایکۆلۆژی . تکەیەك بەدیدەکرێت لەوێنەی مرۆڤ و کەستیدا و" هۆپنەر" بەمجرە و بەپێی چەند بنەمایەك لەوانە : (نەوە "وەچەیی" یە) ، (میکانیکیە) ، (ژینگەی) یە، (چۆژە) ، (سەرکەوتنە لەکاردا) .

***دیمەن وەفتار :**

نووسەر لەم بەشەدا زیاتر باسی پەرچەکردار دەکات وەکو وەڵامدانەوەو لەئەنجامی وروژاندنە دەرەکی و ناوەکیەکانەوە . وەکو چۆن باسی " پاڤلۆڤ " و " شینۆڤ" دەکات و ڕسایەك دیاری دەکات ئەویش بریتیە لە : (S) دەبێتە وروژێنەری (R) و دەبێتە (پەرچەکردار) . پرسیاری ممن لیرَەدا ئەمەیە ئەکتەری شانۆ لە کوردستان لەکاتی نواندندا دەتوانێت سوودمەند بێت لە تیۆرکی لەم جۆرەدا؟! من بەداخەوەم بۆوەڵامەکەی چونکە دڵخۆشکەر نیە بۆنمونە باوا داینێین کە دەیزانێت و دەتوانێت !!! ئەی بۆ نمونەیەکمان لەنمایش یان لە دانیشتن و نووسینە ڕەخنەییەکاندا نەبینی؟! بەڵچەوانەشەوە گەربڕێین نایزانێت !! ئەی ئەم بوونەوەرە سەرقاڵی چییەو بەنیازی چییەو کەی دەگاتە ئەو باوەرەی کە تیۆری کار بکات و شارەزایی لەبارەیانەوە هەبێت ؟!!! من لێرە بەداو واز لەم پرسیارە جەرگ بڕانە دڵنم کە بەڕاستی نەك وەڵامم دەست نەکەوتوە بەکو زۆر لەسەر ی برەم ڕەنگە ڕەشبینی بم کوژێت !!بە م شێوە یە بە خۆرایی لەم چێوەیە تیۆریەدا ڕە ت دەبم ، بەو ئومێدەی هەرکەس بەییەوە گرنگە بۆی بگەڕێتەوە نووسەر بە مجرە دایشتووە : – تیۆری واتسۆن و ڕەفتارگەرایی کلاسیك . – چەمکە کانی ڕەفتارگەرایی نوێ وەکو : (کلارك هول ، دولارد و میللر) و هتد..

دواتر نووسەر دێتە سەر باسکردنی ئەنجام و هەڵسەنگاندنی ئەم بەشەی کە تایبەتە بە ڕەفتارگەراکان و سودی ئەم قوتابخانەیەمان بۆڕوون دەکاتەوە دەربارەی کەستی کە بریتیە لە وەی تەقینەوەو بۆاو بوونەوەیە بەڕووی یفرە تیۆری و دروستکردنی جیاوازی و دوورکەوتنەوە لە تاك ڕەهەندی و تاك تگەیشتن و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر و قسەی هەمەجیانەو لە خۆوە قسەرکردن دەربارەی کەستی کە بگومانم ئەمە ئازاری شانۆکارانیشە لە دوای هەربەرهەمك و هەرکەس بەوجرە تی دەگات کە عەقڵی دەیبرَێت و بە پیَی ئەو ئاستە سنوردارو کورتە ی خۆی بیاری ناجۆر دەدات و لەم هەنگاوەوە بە ئومێدم هەموان بەر پرسیارنە بگەینەوە بۆناو سیستم و چێوەی تیۆری بۆ کەسَتی .

" که توژینەوەیەکی ئەنجامدا و بەرهەستی تیرەکەی " سەر فرەنسیس گالتۆن" کرد بەناوی " چاکسازی نەسل " و جەختی لەوەکردەوە کە تەنگ و چەمەی مراهیقە ئەمریکیەکان لەئەنجامی قەیرانی ئەندامی و باڵغ بوون نییە بەکو بەر ئەنجامی قورسی و ئاڵوزیەکانی کۆمەڵگایە بەای ئەو و ای گشتی لەسەر بنەمای ناوبانگ و ئەفسانەی کۆمەلگەی ئاشتی و سەربەخۆ هەگەزیە . پاشان نووسەر باسی ئەنترۆپۆلۆژیستی سۆسیالستی " دۆریك فریمان " دەکات لەساموا کاری لەسەر ئەم توژرەوە کرد " مەبەستم مید" لەماوەی دەسااڵدا . دۆزینەوە لەو کۆمەڵگایەدا بە پچەوانەی دوژمنایەتیەوە کە شوەیەکی تەرتیبی و ئامانجدارو پ ململانیە خاڵی سەرەکی لە کتبەکەی "مید" بوونی وێنەی نەتەوەیی و جەنگە لە ئەمریکاو فەرەنسا کە توژینەوەکەی دەبەن بەڕوە کە دواتر دەبنە داهێندراوی نمایشی و هکارە رشنبیری و کۆمەاڵیەتیەکان کەتایبتمەندی هەگەزیان هەیە . لەم ڕوەوە پشکنکمان دەداتێ بەشوەیەکی لەسەر خو پلە پلەیی و دژ دەربارەی کەستی. بیرکردنەوەی "مید" دیراسەکردنەوەی دەرونی کۆمەاڵیەتیە لەپاێ لایەنە سکسی و هگەزی و مرۆییەکەی لەووی سروشتی و رشنبیری و سەرهەدانیەوە بێ چاخ و ژیارکی تر ، ئەوەی قورسە لەرەدا ئەوەیە کە پیاوك بت و ببتە باوك بەام زەر ئاسایە ژن بتە دایك و ژنی پیاوك .

کەستی لە تڕوانینی هەفتارگەرا کانەوە :

وەکو پشتر لەم خوندنەوەیەمدا باسم کرد ، چەندین تیرو قوتابخناەی تایبەت بەکەسیئَتی هەن کە بچوونی دژو لك دوور یان لك نزیك و چونیەك و زریت تریشی تیا بەدی دەکەین کە من پم باشە زەر بەخیرَایی ئەم کتبە نمایش بکەم و دواتر خونەر خوی ئازاد بت لە بیاردان ، بەنیسبەت شانکارانیشەوە بگەینەوە بێ تیرەکان و لە بایەخ و گررنگیان تبگەن و وابکەن لە خوە و سەرپی لەتیرڕك پەسەند یان هت نەکەنەوە بەکو بگەڕنەوە بێ ژدەرە هەسەنەکان و بە پی پویستی بەرهەمەکە سوود وەربگرن و بتوانن خوندنەوەی تایبەت هنو بهنن و لە م پناوەشدا لەم بەشەی خوندنەوەکەمدا کەدەبتە دوابەشی کارکردنم لەم کتبە دا بەشوەیەکی پانرامی درژە ی دەدەمێ بە هیوای ئەوەی سوودکی هەبت .

نووسەر ئەم کتبە " سیمن کاپیە " بە باسکردنی تیرەکەی " واتسن " بەردەوام دەبت و باسی مانیفستەکەی سای 1913 دەکات کە بووبە خاڵی وەرچەرخان لای هەفتارگەراکان کەلە استیدا ئەو بەیانە

لەسەرەتادا شۆوەیەکی ەها و تازەنەبوو بەتەواوی ، بەکو چەندین توژینەوەی دەربارە کراو دواتر بنەماکانی چەسپندران و پش ئەو مژووە زربەی توژینەوەکان دەربارەی دەروونناسی فزیلژی بوون . " فەخنە " وەکو بیریارکی باو سەرقالی "میتا – ئەودیو" ی شتەکان بوو لەهەمان کاتدا لە دەروناسیی ئەندامیدا وپاشان "فنت" وەکو مامستای یارید ەدەری فیزیایی و "هلمولتز" یش لە هایدلبرگ و لەفەرەنسا "ج. دما " باسی لە پەرچەکرداری جەستەیی دەکرد لەکاتی هچووندا . هەروەها لە وسیا " ستشنق " و بەسەر پەرشتی "پاڤلق " گانکاری ویاندا و ئەمریکی و ووسیەکان شعوریان کرد بە ەفتارو ناساندیان پەیوەندی ەفتارگەراکان بە " مادی میکانیکەوە " بەووی ئازی و ئامر گەرایدا کرایەوەو بووبە میراتگری فەلسەفەی ئەپستراکت و بیریارانی وەکو " ئگست کمت" توژینەوەی ریاتی شعوریان کرد و تیان کردەوە .

لرە بەدوواوە نووسەر "سیمن کاپیە " دتە سەرباسی زرك لە تیریەکان و توژینەوەی ئەزموونی و زانستی سەر گا خران بەرەو ئامانجی تر و چەمکی کەستی نەبووە چەقی ئەو توژینەوانە بەکو بون بەکلیل b کردنەوەی ردەرگای اقەی سایکلژی . تکەیەك بەدیدەکرت لەونەی mرق و کەستیدا و" هپنەر" بەمجرە و بەپی چەند بنەمایەك لەوانە : (نەوە "وەچەیی" یە) ، (میکانیکیە) ، (ژینگەی) یە، (چژە) ، (سەرکەوتنە لەکاردا) .

***دیمەن وەفتار :**

نووسەر لەم بەشەدا زیاتر باسی پەرچەکردار دەکات وەکو وەامدانەوەو لەئەنجامی وروژاندنە دەرەکی و ناوەکیەکانەوە . وەکو چن باسی " پاڤلق " و " شینق" دەکات و سایەك دیاری دەکات ئەویش بریتیە لە : (S) دەبتە وروژنەری (R) و دەبتە (پەرچەکردار) . پرسیاری ممن لیرَەدا ئەمەیە ئەکتەری شانۆ لە کوردستان لەکاتی نواندندا دەتوانت سوودمەند بت لە تیرکی لەم جرەدا؟! من بەداخەوەم بوەامەکەی چونکە دخشکەر نیە بنمونە باوا داینین کە دەیزانت و دەتوانت !!! ئەی b نمونەیەکمان لەنمایش یان لە دانیشتن و نووسینە ەخنەییەکاندا نەبینی؟! بەپچەوانەشەوە گەربین نایزانت !! ئەی ئەم بوونەوەرە سەرقالی چییەو بەنیازی چییەو کەی دەگاتە ئەو باوەرەی کە تیری کار بکات و شارەزایی لەبارەیانەوە هەبت ؟!!! من لرە بەداو واز لەم پرسیارە جەرگ بانە دنم کە بەاستی نەك وەامم دەست نەکەوتوە بەکو زر لەسەر ی برم ەنگە ەشبینی بم کوژت !!بە م شۆوە یە بە خرایی لەم چۆوەیە تیریەدا ە ت دەبم ، بەو ئومدەی هەرکەس بەییەوە

گرنگە بۆی بگەڕێتەوە نووسەر بە مجۆرە دایڕشتووە : – تیۆری واتسۆن و هەفتارگەرایی کلاسیك . – چەمکە کانی هەفتارگەرایی نوێ وەکو : (کلارك هول ، دولارد و میللر) و هتد..
دواتر نووسەر دێتە سەر باسکردنی ئەنجام و هەڵسەنگاندنی ئەم بەشەی کە تایبەتە بە هەفتارگەراکان و سودی ئەم قوتابخانەیەمان بۆوون دەکاتەوە دەربارەی کەسێتی کە بریتیە لە وەی تەقینەوەو بۆاو بوونەوەیە بەهۆوی یفرە تیۆری و دروستکردنی جیاوازی و دوورکەوتنەوە لە تاك هەهندی و تاك تێگەیشتن و هەتکردنەوەی بەرامبەر و قسەی هەمەجیانەو لە خۆوە قسەرکردن دەربارەی کەسێتی کە بۆگومانم ئەمە ئازاری شانکارانیشە لە دوای هەربەرهەمێك و هەرکەس بەوجۆرە تێی دەگات کە عەقڵی دەیبڕێت و بە پێی ئەو ئاستە سنوردارو کورتە ی خۆی بۆیاری ناجۆر دەدات و لەم هەنگاوەوە بە ئومێدم هەمووان بەر پرسیارنە بگەڕێنەوە بۆناو سیستم و چۆەی تیۆری بۆ کەسێتی .

- **تیۆرە نمونەییەکان :**
  توێژەر "سیمۆن کاپیە " لەم بەشەی کتێبکەیدا شەرحی ئەو دەربڕین و سیما و نمونانەمان بۆدەکات کە لە هووین تیۆریەوە گرنگن و پێویستە بایەخیان پێبدرێت و بە باوەڕی من بۆ ئەکتەر زۆر گرنگە بتوانێت کاریان لەسەر بکات و شارەزایی هەبێت لەبارەیانەوە ... کەسێتی لە هوانگەی ئەم تیۆریانەوە لە ئزموونەوە وەردەگیرێن و ئاڵو گۆیان بەسەردا دێت و توێژەر چەندین نمونە من لەوتیۆریانە پێشکەش دەکات لەوانە : (نمونە خۆرسکەکان) ، (نمونە تشکیلیەکان) ، (نمونە دەرونیەکان) ، (نمونە کانی وەرگرتنی سروش لە شیکاری دەرونی)،(نمونەکانی هەڵویست و تصرفات) وهتد... پاشان نوێژەر دێتە سەر هەڵسنگاندن و ئەنجامی بەشە کە کە بە باوەڕی من زۆر پێویستە ئەکتەری شانێ شارەزایی و مە هارەتی خۆی لەم هووەوە بەگەڕ بخات ..
- **تیۆر هەکاریەکان :** توێژەر لەم بەشەی کتێبەکەیدا دێتە سەرباسکرنی چەندین میتۆدی جۆراو جۆری هەکاری و من لێرەدا تەنها ئاماژە بەناوەکانیان دەکەم زۆربەخۆرایی : شیکاری هەکاری ، شیکردنەوەی هەکارەکانی کەسێتی لەوانە :" ریمۆن کارتێ ، هانس جۆرج ..) و پاشان توێەر دێتە سەرباسکردنی هەڵسەنگاندنی ئەم بەشە و بۆچوونەکانی خۆی چۆەکاتەوە .
- **تیۆرەکانی شیکردنەوەی دەروونی :**
- ئەو بۆچوونانەی نووسەر " سیمۆن کاپیە" خستونیەتە هوو من

لێرەدا زۆر بەپەلە تەنها چەند سەرقەڵەمێکی بخەمە رووڵەوانە : (نمونەی شیکردنەوەی دەروونی دەربارەی کەسێتی ، پێکهاتەی کەسێتی ، قۆناغەکانی گەشەکردنی لبیدۆ، زانستی کەسێتی و شیکردنەوەی تیۆری و هتد ...) کە بەڵای من مامەڵە کردن لەگەڵ هەر یەکێك لەو سەرەقەڵەمانە شایانی توێژینەوەی سەربەخۆو گفتوگۆی فراوانن ، هەرلەبەرئەوە بە گرنگم زانی قسە لەسەر کردنی بووەستێنم بۆکاتێکی ترو دەرفەتی تر..پاشان نووسەر هەڵسەنگاندن ی خۆی بۆئەم بەشەش پێشکەش دەکات .

*ئەنجام :


ئەنجام یان کۆتایی ئەم توێژینەوەیە لەلای نووسەر پیاچوونەوەیەکی خۆرایە بە تیۆرەکان کەسێتی و باس لەوەدەکات کەبەو شیکاریە خۆرایانە ئەو تیۆرانە هەڵناسەنگێندرێن و پێویستمان بەوەیە کە بیانخوێنینەوەو جەدەلیان لە بارەوە بکەین و گفتگۆو قسەلەسەرکردنیش لەم بارەیەوە کراوەیە بۆهەرکەسێك بیەوێت قسەی جیاوازترو توێژینەوەی زیاتری هەبێت و منیش وەکو کۆتایی بۆئەم کتێبە پێشنیاز دەکەم بۆهاوڕێشانێ کارەکانم کە لە م قۆناغەدا کار بەتیۆر بکەن و بگەڕێنەوە بۆ ئەو ژیدەرە گرنگ و جیهانیانەی کە ئێمە وەکو کورد فەرامۆشمان کردوون و نەمان خوێندووونەتەوە جا لەبەر هۆکارێك بێت ، بەو ئومێدەی کارێکم کردبێت شایستەی لەسەر وەستان بێت .

چەند رەخنەیەکی دۆستانە.. فەریق م حەوێزیی

دیاردەی لەسەر یەکتر نووسین و تێکەڵکردنی پەیوەندی شەخسی و فاکتەرەکانی دەرەوەی دنیای ئەدەب، دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو نووسین و رانان و لێکۆڵینەوەکان زەربی سفر بکاتەوە، ئەگەر لە راستیشدا شتێك بن بە ناوی لێکۆڵینەوەی رەخنەییەوە! چونکە ئەستەمە کەسێك پسپۆڕی بوارەکانی شانێ و سینەما و رۆمان و چیرۆك و شیعر بێت لە یەک کاتدا و لەسەر هەموویان بنووسێت و لە هەمانکاتیشدا

رەخنەنووسی ئەو بوارانەش بێت، ئەمە پێچەوانەی دنیای تایبەتمەندیبوونیی پێشکەوتنی رەوتی مۆدێرنە، بەڵام لای ئێمەی کوردی باشوور هەموو شتەکان وەك چێشتی مجۆریش تێکەڵ دەبن و تەنانەت تاریك و روون لە یەکتر جودا ناکەینەوە، چونکە ئەو 2 حیزبەی دەسەلاتی باشوور ماوەی زاید لە 28 ساڵە مەسخی مەعریفەو بوونیان کردووین و هەموو رەسەنایەتی و جوانییەکیان لەبنەوە هەڵکێشاوەو خەڵکیشیان شەوکۆرکردووە.

جا ئەو ئەدیبانەی لەبەرانبەردا لەسەر یەك دەنووسن لە دوو رووەوە نووسینەکانیان جێی بایەخ نابێت و بە شێوەیەکی نیوترال و زانستی مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت و تەنانەت کێی نووسین و ئایدیاکانی ئەو کەسانەش دەخرێتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە.
لەمبارەوە گەر چاوێکی خێرا بخشێنین بەو نووسینەی کاک داستان بەرزان کە لە 7/6/2019 لەسەر ڕامانی (لەدایکبوونی دووەم)ی پێشڕەو عەبدوڵڵا نووسیویەتی، ئەوا زوو نهێنییەکەیمان بۆ ئاشکرا دەبێت کاتێك ببینین کە چۆن هەر دوای 5 ڕۆژ کاک داستان هەواڵی کتێبێکی نوێی خۆیمان پێ دەدات بە ناوی [لە نەخشیەك دەترسم نامۆت ناوی لێم کتێبەدا هەبێت] شیعر: داستان بەرزان..... توێژینەوەی: پێشڕەو عەبدوڵڵا.
سەرەتا کاک داستان دەربارەی ڕامانەکەی پێشەوە عەبدوڵڵا دەنووسێت:
Dastan Barzan
• 7 June
[ڕامانێکی جوان و شایەنی خوێندنەوە
ئەوەی لێم ڕامانەدا سەرنجیبردم جیاواز لەو شێوازی ئێم دواییەی نوسینی ڕامان لەلایەن کەسانی گەنج یان تازە لە بواری نووسینی ڕامانداە ئەوەبوو کە نووسەر بەئاگایەوە دەستیداوەتە نووسینی ڕامان، ئاگادار لە ئەدەب، فیکر، دەروونناسی و کۆمەڵناسی،.... بەتایبەتر لەو بابەتکەی کردوویەتییە کۆنسێپتی ڕامانکەی، بەیەتوانیوویەتی هونەرمەدانە بەسەر زەر لایەنی کارکێیدا زاڵ بێت و وابکات لە پاش خوێندنەوەی خوێنەر نەک هەست بە پێشیمانی بەڵکو دڵخۆش بێت بەوەی ڕامانکی دیکەی کوردی جوانی خوێندەوە.]



هەروەها کاک داستان ئاوهاش دوای 5 ڕۆژ هەواڵی کتێبە شیعرییەکەی خۆیمان پێدەدات:

Dastan Barzan
• 11 June at 23:25

لە نۆخشییەک دەترسم نامەوێت ناوی لێم کتێبدا هەبێت

شیعر: داستان بەرزان


تۆژینەوەی: پێشڕەو عەبدوڵا

تابلۆی ناوەوە: محەمەد ناکام

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: محەمەد زاری

.....

بەم نزیکانە چاپ و بڵاودەبێتەوە



نازانم تا چەندێك هاوڕامن بەوەی دنیای شیعرو ڕۆمان زۆر لەیەکتر جیاوازن و هەریەکەیان شارەزایی جیاوازی گەرەکە، کەچی لێرەدا دەبینین شاعیر لەسەر ڕۆمان دەنووسێت و ڕۆمان نووسیش لەسەر شیعر!
جگە لەمەش زۆربەی ئەو شیعرانەی ئەمڕۆ بڵاودەبنەوە هەر خاوەنی یەك سیمای گشتین و لێرەدا هەندێکیان باس دەکەین و لە بواری پراکتیکدا نموونەی چەند شیعرو شاعیرێك دەهێنینەوە:
1- بەکارهێنانی زمانی فەیسبوك بۆ نووسینی شیعر، زۆربەی خوێنەرانیش هەر ئەو زمانەیان دەوێت.
2- خودو خەمەکانی شاعیر دەبنە چەق و هەموو شتەکانی تر لە دەوری ئەو خودە تێکشکاو و قوپاوەدا دەخولێتەوە.
3- سادەبوونەوەو یەک دیویی شیعرەکان.
4- دەربڕینی ڕاستەوخۆ و دوورکەوتنەوە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر کە خەیاڵ و سیمبۆڵ و میتافۆرو بابەتیبوون وئیستاتیکاو نازکی و تییمی جوداو نوێیە.
5- لەم شیعرانەدا زیاتر بەکارهێنانی شێوازی داشتنی فیکری و فەلسەفی و پەخشان زاڵە نەك شیعرییەت کە لە باشترین باردا موخاتەبەی ویژدان دەکەن.
6- شاعیرەکان بۆ گرفت دەژین و خەیان لە دووی خەم دەگەڕێن و هەمیشە خەیان وەك قوربانی دادەنێن، ئیتر نازانین کێ جەللادەکەیە؟ جا دەپرسین ئایا دەبێت لە واقیعدا ئەو شاعیرانە خاوەنی هەندێك لەو ڕوئیایانە بن؟

7/ بەکارهێنانەوەی زاراوەکانی یەکتری وەکو: برین ، مەرگ، رەشبینی و خەکوشتن، عەبەس..

- بە پشتەاستکردنەوەی ئەو پشکە تیۆریيەی باسمان لێوەکردن، ئێستا نموونەی پراکتیکی لە نموونەی 3 شاعیرەوە دەهێنینەوە کە هاوشێوەییەکی زۆر لە شێوازو دنیابینی و زماندا لە نێوانیاندا دەبینرێتەوە، ئەوانیش: داستان بەرزان ، ئاکار محەمەد، رامیار مەحموودن.

أ/ سەرەتا داستان بەرزان ئاوها لە خێی دەدوێت و پاشان زمانی ئاخاوتن لە هەمان کێپلەدا دەبینینەوە کە ئامێژگاری راستەوخێی خوێنەران دەکات و تەنانەت وشەگەلێکی زۆر ناشیعریش بەکاردێنێت وەك (دەعوەتی منیت)

من لێو شاعیرانە نیم کە بە بۆنی باران هەدەخەتن
سەرتا گرنگێ بزانیت
بە خوێندنەوەی ئێم شیعرە پێویستە نێتت هەبێت و
ئێم لاپەڕانە بە پارە دەبنە پانتاییەکی سپی
من ئێو پارەیێت لێناسێنم و
بگرە پاسەردی وایفایێکەشم
دەعوەتی منیت بە ئێم دەڕانە.
خەشبەختی پێیوەندی بە تەندروستییەوە هەیە
من بە دەرمان تەیدەپەڕنم ئەژکانم
ئێستا گەر سەرنج بدەین دەبینین چۆن شاعیر رامیار مەحموودی شاعیریش شتە عادەتییەکانی ڕۆژانە دەهۆنێتەوەو دەیکات بە شیعر، ئەوا دەبێ بپرسین ئایا چ هونەرو داهێنانێک لەم زمانەدا وەك زمانی شیعر دەبینرێتەوە؟:

دەربارەی هەموو شتێک ئێزانم
ئێزانم ئێستەرە لە شێوی ساماندا
ئێدرەوشێتەوە
باڵندە ئێفڕێت
ماسی لێئاودا ئێژی
خەڵک منداڵەکانیان ئێنێرن بۆ قوتابخانە
ئێو شتانەی من ئێیانزانم زۆرن.
ئاگاداری ئێوەم مرۆڤ دوو پێی هەیە
ئێتوانێت پیاسەی پێ بکات و
ئێشتوانێت بە ڕاکردن بڕوات

هەروەها ئاکار محەمەدیش لە باسکردنی خود و دووبارەکردنەوەی وشەی برین ئاوها کێپلە شیعرەکانمان بە زمانێکی راستەوخێ بە

دەخوێنێتەوە:
جگە لە کەمێک برین
زۆرێک لە ئازاری یەک لە دوای یەک
ئیدی ئێم نیشتیمانە
لە ناو برینەکانمدا ناشارمەوە
لە کاتێکدا شاعیر رامیار مەحموود لە شیعری (سەرگوزوشتەی پیاوێکی تاریك) دا ئاوها بەکارهێنای وشەی برین و زەقکردنەوەی خود پێکەوە دەبەستێتەوە:
دەستەکانم ناتوانن لە برینی من بگەن
ب/ لەباسکردنی دووبارەی زۆربەی شاعیرانی ئەم نەوەیە لەسەر ژیانی مەدەرن، وەك چۆن داستان بەرزان لە شیعری (بووم بە ژێر ڕێژە خۆراکانی مەدەرنەوە)دا دەنووسێت:

نامپۆرژێت بزانم، کامە ڕەنگی جل و بۆرگم لەدەت
من بانگەشەی نائومێدی ناکەم
جیهان خۆی ڕەشە
هەروەها لەم بارەوهو بە زیاتر تیشکخستنە سەر ڕەفتاری مرۆڤی مەدەرن، ئاکار محەمەدیش لە پارچە شیعرێکدا ئاوها دەنووسێت:
دەموێست ژیان باش بووایە،
ببوورە دەموێست مرۆڤ کابوس نەبووایە.
مرۆڤکان خووی یەکیان گرتووە،
مرۆڤکان پۆشاکەکانیان ڕەیشتن و،
نانخواردنیان لە یەک دەچێت،
مرۆڤکان لە یەک دەکەم
هەروەها لە شیعرێکی تردا و لە باسکردنی نەهامەتیەکانی ژیانی مەدیرندا هەر داستان بەرزان دەڵێت:
مارکێتەکانی لە ئێمەدا خەیان ساغ دەکەنەوە
شوشە و نایلۆن و دەبەکانی لە ئێمەدا نوقم دەبن
جارێکی تر بەم نموونەیەی ئاکار محەمەد زیاتر خاڵی مەبەست لای خوێنەر ڕوون دەبیتەوە سەبارەت شێوازی مەدێرن کە زۆربەمان ئەزموونی دەکەین و دەیبینین، کە لە پارچەیەك شیعردا زۆر سادانە دەنووسێت:
مرۆڤ
مرۆڤی ڤیاگرا
مرۆڤی ڕێستۆرانتەکان
مرۆڤی پۆشاکە مارکەکان
مرۆڤی جۆبانی ناو سایتەکان

مرۆڤی دونیایەکی تازە…تازە!
دڵزانم ئەم قسانەتان پێناخۆش
ج/ جارێکی تر زەقکردنەوەی خودو وەسفکردنی خود بە جیاکردنەوەی لە گشت لەم کۆپلەیەی داستان بەرزاندا بە رووتی دیارە کە گەواهیدەری وتەکەی سەرەوەمانە:
من هاتووم بۆ دونیاو
بۆ ئاوێی حاکم ئاسایی نەبێت
هەروەها لەم رووەوە نموونەی کۆپلەیەکی ئاکار محەمەد دەهێنینەوە کە ئەویش زۆر شێوازی نووسینی شیعری سەر بەم رەوتەیە و دەڵێت:
ڕاستیەک لە ئەزموونی ژیانم
تاڵییەك کە بە بڕم نەدەبو
بۆ ئاوێی ون نەبم نوسیم و بڵاوم کردەوە…
ئاخر بۆ نەفرەت لە هەموو دوونیا نەکەم
شاعیر رامیار مەحموود هەرچەندە ئەزموونی لە دوو شاعیرەکەی تریش زیاترە، بەڵام زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوان بەرهەمە شیعرەیەکانی ئەم شاعیرەو شاعیرانی تری هاونەوەکانی دەبینرێن وەك لە پارچەیەك شیعردا ئەویش ئاوهاوەسفی خود دەکات و زەقی دەکاتەوە:
من باڵ بۆ ژیان دروست ئەکەم
هەموو ئاوێی هەڵە دەنگەکە
من حەزم لە دەنگی خەم هەیە

د/ بەکارهێنانی زمانی ناشرین و تەنانەت جنێو و دورکەوتنەوە لە بەها بەرزەکان لەم شیعرانەدا میزاج و سەلیقەی خوێنەر لە دنیای داهێنان و ئەفراندنی شیعریی دوور دەخەنەوە وەك لە شیعرێکدا داستان بەرزان دەڵێت:
مەدرنێ گویکردێ هەستمانوێ
ئەستا کە ئەم شیعرە دەنوسم
بۆ چات سێکس لەگڵ هەمیەک دەکەم لە ئەمریکا
ئاکار محەمەدیش لەم بارەوە بەم نموونەیەدا دەخەینە ناو ئەم رەوتەوە:
ئەستا لە گڵ گڕانیەکانی داریوشدا
ئەم سایتە دەکەموە Xnxx و
دەسپڕ بەسەر ژیاندا لەدەدەم
بەسەر سەتەلایت و کەناڵ موشەڕەکان.
خەشم دەویستی لەو زمانە
هەروەها شاعیر رامیار مەحموودیش سەبارەت ژیانی مەدرن و بەکارهێنانی زمانی زبرو بازاڕیی دەنووسێت:

ئەم شارانە جلوبەرگکن لە ئاسن
ئەمە مناڵکانی سەردەمی تفانین
من ئەو ڕۆژانە ئاگام کە ئەوە ئێمەن جوانە
هەروەها لەم ڕووەوهو بە دەرخستنی ڕادەی بێزاریی و عەبەسی شاعیر، ڕامیار لە شیعرێکی تردا ئاوها دەڵێت:
خوایە گیان ئەوەندە بێزارم خەریکە
گوو لە دەم و قنگمەوە دێتەوە دەرەوە
هەروەها جارێکی تر ڕامیار ڕەفزی بیرکردنەوەی ئیجابی و سوود بەخش دەکات و هانی خوێنەران دەدات بەرەو پوچگەرایی تەواو هەنگاو بنێن کاتێك دەڵێت:
ئاگەر ئەزانیت بیر ئاکەیتەوە بە ئەوەی سودێکی هەبێت
باشتر وایە بیر نەکەیتەوە
هـ/ بەشبوونی ناخ و ڕۆتین بوونی ژیان بەهیوایی دەخولقێنێت و ئیرادەی گەنجانکاری و داهێنان و نوێبوونەوە دەکوژێت، لە جیاتی گەنجان لە دوای ئەلتەرناتیڤی هیوابەخش، ئەوا خۆ مەستکردن و دوورکەوتنەوە لە کرێکی چارەکان بە هێنانە ناوەوەی بابەتە مودمینەکان کە زۆر لە شاعیران گیرەدەی بوون، وەك داستان بەرزان دەڵێت:
نە بۆ عارەق و ویسکی خواردنەوە
نە بۆ جگەرە و نەرگیلەکێشان
نە بۆ ئافیون و کۆکاین و هێرۆین
نە بۆ ئارتین و سەمادرین و بیلەن
ژیان بۆوە ناچێت.
لە مەدرەنەدا تاقەتت نییە بژیت
هەروەها ئاکار موحەمەدیش لەم بارەوە ئاوها لە شیعری (شروبخۆرەکان)دا دەنووسێت:
بیست و شەشی سێ بوو، هەڵبەتە ساڵێکیم لە یاد نەماوە؛
بووم بە شرووبخۆر.
لەبەر ئەوە نا مودمینم و هیچم لە یاد نەماوە،
لەبەر ئەوەیە مرۆڤم و، تف لەم چارەنووسە دەکەم
شاعیر ڕامیار مەحموود لە شیعری (ڕەشنووسی پیاوێکی هەش) زۆر بە ڕوونی ئەو پوچگەرایی و ڕەشبینییەمان بە زمانێکی سادەی ڕۆژانە بۆ وێنا دەکات و هانی خوێنەرەکانیشی دەدات کە هەر ئەوە کۆتایی پێگایان بێت:
ئەم بۆ هوودەییە..،
زۆر بە خۆرایی لە خوێنمدا ئەگەڕێ..
زۆر بە قوڵی لە ڕەحمدا حەشار دراوە..

لە سەرما ئاژاوەیەك هەیە بۆ خۆكوشتن
تەنانەت رامیار شیعریش دەبەستێتەوە بە خراپەكاریی و وێرانكردنی بوونی مرۆڤ و هێنانی خەم و تەنیایی و رەشبینی و بودەیی بۆیان، جا داخۆ دەبێت ئەوە زمان و پەیامی شیعر بێت، گەر شیعر پەیامێكی هەبێت؟ ئیدی ئەوانەش تا ئێستا شیعریان نەخوێندۆتەوە دەڵێن هەر باشمان كرد ئێمەش شیعرمان نەخوێندەوە تا ئاوها ماڵمان وێران نەبێت:

ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێبم بە شاعیر
پێكەنینی مرۆڤ پێ ئەكەم لە گریان
ئاسودەییان بە هەتا هەتایە خاپور ئەكەم
هەموو مرۆڤێك ئەكەم بە عاشقێكی تەنیا
وایان لێئەكەم بە كۆكی كارگردن نەیەن و
لە شوێنی ئیشكانیان دەر بكرێن

.....

بەڕەنجام:

من دەستخۆشی لە هەموو ئەو شاعیرانە دەكەم ناویان هاتووەو ئەوانەش ئاوها دەنووسن و ناویان نەهاتووە، لانی كەم بە بوارێكی فەرهەنگییەوە مژیلن و باشترە لە چەكدارێتی، هیوادارم زووبرو دڵگران نەبن، تەنیا مەبەست لەم نووسینە خەمی شیعر بووە و هیچی تر نا، ئەمەش دیدگای منی خوێنەرە بۆ ئەو جۆرە بەرهەمانە، ئەگینا وەكو تاكەكەس و خودی شاعیرەكان ئەوا زۆر ڕێزو خۆشەویستیم هەیە بۆیان، لە كاتێكدا من بەس بەركەوتنم بووە بە بەرهەمەكان و لە پێشیشەوە هیچیانم نەبینیوەو ناناسم، ئەم نموونانەش ڕێژەی 85%ی شیعری ئێستا دەگرێتەوە، حەزیش دەكەم هەمووان ئاوها بە مەوزوعی باسی كێشەو قەیرانی شیعری هاوچەرخ و مۆدێرن بكەین و لەو بۆچوونەدام زۆر سوودی دەبێت و سنوورێك بۆ ئەو فەوزای شیعر نووسین و چاولێكەرییە دادەنێت، ڕاستە بە گشتی خەڵك سادەبوونەتەوەو تاقەتی بیركردنەوەو ماندووبوونیان نییە، هەم بۆ خوێندنەوەی شیعر، بەڵام ئەمە ناكرێت ببێتە هۆی ئەوەی هەر بیرێكی ڕاگوزەر هاتە مێشكمانەوە ناوی شیعری لێ بنێین، بۆیە با بكەن شیعری باشی مۆدێرن زۆر لە هی كلاسیكی سەختترو گرانتر بۆ نووسین و چێژ لێبینین گەر شیعر وەك پرسەیەكی نوێبوونەوەو ئەفراندن تەماشا بكەین، بە دڵنیاییشەوە ئەم قسەیەم بۆ نەوەی خوێنەرانی فەیسبووك نییە، چونكە زۆربەی كات دەستخۆشی و ڕاكانی ئەوان لە جێی خۆیدا نییەو زۆر سەرپێین.

کتێبی شیعری: کۆجیتۆی جەلال تاڵەبانی … سەلاح جەلال

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

Book_SalahJalal_KojetoDownload

پاسەوانی مەشک … مەحمود عەبدوڵا

هەرگیز گومان مەکە دین ڕاست نەبێت.ئەوە گوناهە و تەوبە بکە.ئەوە چواردە سەدە زیاترە ئەو قفڵە دراوە لە مەشکی خەڵک. و پاسەوانی دەکات لەمەشک و ناهێڵێت بیرکەیەکی نوێ بچێتە ناو بیرکە کۆنەکان .

ئەوە لەووی زیهنیەتەوە،دەکرێت باوەڕدارێک زانای فیزیک بێت، بەڵام لە ڕوی زیهنیەتەوە وەک کەسێکە کە ئەلیف و بێ نازانێت، چونکە لەم ڕووەوە ئەویش پاسەوانی مەشکی هەیە،بەڵێ نابێت زانست و زیهنیەت تەکانێ بکرێت… لایەنی ڕەوشتی مرۆڤ بەستراوەتەوە بەدین،بەڵێ هەرکەس لە و دەگماتیزمە دەرچێت پێیان وایە بەڕەوشتە. دەرونزانێک دەڵێت:ئەمانە هەردو بەشی مەشکیان لەگونیاندایە" لەو لایەنەوە بگون بیر دەکەنەوە.

لەزەر دەگمام بیستوە کە ئەوەی دینی نابێت هەموشتێک دەکات،هەتا باوەڕدارێکی عەیار بیست و چوار پێی وتم: ئەگەر دین نابێت هەموشتێک دەکەم! چاک دەزانم زەرینەی بەواداران بە بەڕەوشت لەکەسێک دەڕوانن کە ڕەخنە لەدین دەگرێت،چونکە خەیان ناتوانن بەعەقڵ بژین،ئەمەش بە خەڵک گریمان دەکەن. من بەباوەڕم،بەڵام هەرگیز مەشکم هەندە بچوک ناکەمەوە کەخودا لە سەکس زیاتر شتێک

نەبێت پێشکەشی لایەنگرانی بکات. ئەگەر پاشایەک ئەوێت بەبکات تۆ ئەوەی بەدەوشتە.

بەختیار عەلی دەڵێت: گەورەترین هەڵەی مرۆڤ ئەوەیە پەیوەندی خۆی بەجیهانەوە وەک تاکە جۆری پەیوەندی ببینێت. تۆ پەیوەندیخێت ،لەگەڵی گونتەوە بەجیهانەوە گرێداوە، خەڵک وانیە،ئیتر بۆچی وابیر دەکەیەوە،تۆ تەنانەت پەیوەندیت بەقیامەتیشەوە هەڵوایە. باوەڕدار دەڵێت دەڵێت :نابێت کەشێی لێوشتت هەبێت کە باوەڕت نیە،ئەکەی هەبێت لێوشتیش لە سێکسدا کورت دەکەنەوە،جاکەوابێت ئاژەڵێک کە وەرزانە یان ساڵانە یەک جار سێکس دەکات زۆر بەدەوشترە لەوەی کە دوازدە ژن دەنێت. ئاستە دەبێت مرۆڤ پەیوەندی سێکسی لەگەڵ بخات بەناو ناکرێت شەوازی خۆت پێ لەهەموشەوازێک ئاستر بێت. کارساتە مرۆڤ نەتوانێت لە سەربنەمایەکی عەقڵانی ژیانی خۆی لێکبخات، پێش ئەو دینە باپیرانی تۆ اخلاقیان هەبوو ڕوتیش نەبون خۆ هەموو کلتورەکان شەوازێکی جلو بەرگیان هەبووە .وەک ئەلبێرت ئەنیشتاین دەڵێت :شتێکی زۆر قەزەونە لێوشتی مرۆڤ لە سەر ترس بنەد بێت.ئە من بەدەبێت تێگەیشتنی خەم ملکەچی دەگماتیزمی تێبکەم.

لێوە دا تۆ ئازادی کە لەسەر بنەمای دینی ژیانی خۆت لێک دەخەیت،بەناو کاتێک واگومان دەبەی ناادینی بەدەوشتە ئەوە بینینی وێنەی خۆتە لەکەسانیتردا.تۆ بەوزیهنیەتە زۆر ئابەوبەری. ئەگەر نەتوانی بەعەقڵ خۆت کەنتەڵکەی نەکەی بەدین بیت.دەزانی چەند شتێکی قەزەونە تۆ خودا چەندین هەزار پیاوی دابینکردبێت تا نەچیتە دەخی ئاژەڵیەوە.هەستناکەیت بەستراویتەوە؟ئەوە شەرم نیە؟لە کتێبی پیرۆز قسەیەکی جوان هەیەدەڵێت:مرۆڤ بە خواردن پیس نابێت ،بەڵکو بەبیرکردنەوەی خراپ پیس دەبێت،ئاخر کەسێک گۆشتی بەراز بخوات پیس نابێت،ئەوە تەی بە بیرکردنەوەی پیس ،پیس دەبیت.ئەوە بەدەوشتییە تۆ پێت وابێت سەربین لە پێناو خوداو سێکس نەکردن لەپێناو خودا وەک یەک ئامرازن بۆ چونە بەهەشت. خەڵکان بە بە دین زۆر توندبون لەسەر ئافرەت ،خەیش هەبوە کراوەتر.

ئەگەر بگەیتەوە بە فەلسەفەکان اخلاقێکی جوانتریان بەرهەم هێناوە تەنانەت شتە جوانەکانی دینیش وەک رگیراون.کانفەسیەس لە چین نێک لەژهاتی ناوینی هەڵانە پێغەمبەر وتویەتی " اخلاق هەس و کوتە لەگەڵ خەڵک بەوجۆرەی خۆت ئەتەوێت" دوایی بوو بە چیت بەخۆت پێ خۆش بەخەکیش پێت خۆش بێت.بەشەوەی دزی ئەدەبی برایە ئاسمان .تۆ پاسوانی مشکت هەیە ناهەقێت بیربکەیتەوە!

2 شیعر لە (م. ئومێد)ـــەوە … و: نەژاد عزیز سورمێ

(1)
خەم

نە چرای چاوی پیرەگورگ
نە هەناسەی نامێی گومێاو ماندوو ..
جێماو لە دەشتی خامۆش و بێپایانی
بەر بارانێك
چەند سەعاتە
بەسەر ئەم شەوە شێت و خەمناکەدا دێتە خوارێ
دێی شەویش دەشت ئاسا پەژموردەیە ..

لە شەوی دێوانەو خەمناك
بە هەموو لایێ
وەك پەردەیەکی زنجیربەند
بسکە تاڤگە هەواسراون ..
جێماوی دەشتی بێپایان
لەبەر باران ..

ئای … سەعاتەهایە
ئەم هەورە ەشە دێگیرە ،
بێ هەست و خوست دەپرووشنێ ..
نە دەنگی سمی ئەسپی ێگرتوو و تەنیا
نە گفەگفی با ی سەرگەردان
نە چرای چاوی پیرەگورگ ..

(2)
ساتی یەکتربینین

ساتی دیدار نزیکە .
دیسان ئەمن شت بوومەوە
دیسان دم ، دەستەکانم دەلەرزن
گیا دیسان لە زەوقکی دیکە دام
ئاە ..
با ،
بسکی لووسم دەشوننە
ئای .. ئەوەتا تیخ کتوپ
ووومەتم دەووشننە ..

نەکەی ئابووم ببەی ئەی د !
ساتی دیدار نزیکە .

- شیعری (خەم) لە – برگزیدە شعرهای م. اومید- (مهدی اخوان ثالث) و (ساتی یەکتربینین) لە (راهیان شعر امروز) ی داریوش شاهین کراون بە کوردی .

عەلیەزا تابش: منداڵی ئەو پێویستی بە ناوەرکی شیاوی وێنەیی هەیە

مانووچهر جیهانی –

"عەلیەزا تابش" دەبیر و بەرپرسی سی و دووەمین خولی فیستیقاڵی نیونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئێران گوتی: فیستیقاڵی فیلمی منداڵ و مەرمنداڵ لە بەرەبەری چوونە ناو چوارەمین دەیە لە تەمەنی خیدایە و بێتە دامەزراوەیەکی بەهێز کە رەوتکی دروست کردووە و کاریگەرە.

بە پێی راپێتی لێژنەی پەیوەندییەکان و راگەیاندنی فستیقاڵی نیونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵان، "عەلیەزا تابش" دەبیر و بەرپرسی سی و دووەمین خولی فیستیقاڵی نیونەتەوەیی

فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئێران لە کۆبوونەوەی هاوبیریی ئەم فێستیڤاڵە کە لە شاری ئیسفەهان بەڕێوەچوو، بە دەربڕینی ئەوەی کە فێستیڤاڵەکانی سینەمایی ئێران وەکوو فێستیڤاڵی فیلمی فەجر و فێستیڤاڵی فیلمی منداڵ و مەرمنداڵ لە بەرەبەری چوونە ناو دەیەی چواردەمی تەمەنی خۆیاندان، ڕاشیگەیاند: فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی منداڵ و مەرمنداڵ بەو پێشنە و ڕابردووەی ئێستا دامەزراوەیەکی بەهێزە کە ڕەوتێکی دروست کردووە و کاریگەرە و تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ دەیە لە تەمەنی ئەم فێستیڤاڵە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕووداوە لە گۆڕانکاری دوورەپەرێز نەبێت.

هەروەها گوتی: گەشەی وەها فێستیڤاڵێک لەمەدایە کە لە گۆڕانکاری تێبگات و وێڕای وەفاداربوون بەو بنەما سەقامگیرانەی کە هەر فێستیڤاڵێک لە زاتی خۆیدا هەیەتی، بیر لە ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتن بکاتەوە.
تابەش لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا جەختی کردەوە: گرینگترین ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتن، گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتن لە شێواز و ستایلی ژیان و جۆری پێداویستییەکان و بیر و بۆچوونەکانی بەردەنگە سەرەکییەکانی ئەم فێستیڤاڵە واتە منداڵان و مەرمنداڵانە.

ئەوەشی خستە ڕوو: ئامادەبوونی نەوەی نوێ لە بەستێن و بواری فەرهەنگی و هونەری وڵاتدا، وەکوو بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەرانی سەرەکیی بەرهەمەکانی فەرهەنگی و هونەری، پێداویستیی سەرەکیی ئەم گۆڕانکارییەیە. منداڵ و مەرمنداڵی ئەمڕۆ، بە شەو و ڕۆژدا لەگەڵ ئەپێکەیشێنەکان و پلاتفۆرمەکانی دونیای دیجیتاڵ، دەژین و زۆربەی پێداویستییەکانی خۆیان لە کەشوهەوای مەجازی و دەستکرددا، لەم ڕگایەوە دابین دەکەن. بەم پێیە ئەمە سیاسەتداڕێژانی بواری فەرهەنگ و هونەر دەبێ سەرنج بدەینە ئەم خاڵە کە ناتوانین بەو زمانەی کە لەگەڵ منداڵانی دەیەی 60 قسەمان پێ دەکرد، لەگەڵ منداڵانی ئەمڕۆ قسە بکەین، لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ نەوەیەکی نوێخواز، بیرتیژ و زیرەک و بەئاگا بەرەوڕووین کە پێویستی بە ناوەرۆکی شیاوی وێنەیی هەیە.
هەروەها ڕاگەیاند: لە فیستیڤاڵی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئێران لەگەڵ ئەو بەردەنگانە بەرەوڕووین کە دەبێ بە کەرستە و زمانی کەشوهەواکانی بەپێی وێب ئەوان لە بەرنامەکان و ڕووداوەکانی فێستیڤاڵ ئاگادار بکرێنەوە. فێستیڤاڵەکان لە سەدەیەی 21 گۆڕانکارییان تێدا کراوە و پێشکەوتوو بوونە و دەبێ بابەت گەلێکی کاریگەری دانەر لەم فێستیڤاڵانەدا باسی لێوە بکرێت.

دەبیر و بەرپرسی فیستیڤالی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵان بە دەربڕینی ئەوەی کە ئەمساڵ بانگهێشتنمان لە چالاکانی دڵزینەوەی بازاڕی سینەمای منداڵ و مەرمنداڵ کردووە کە لەم فێستیڤاڵەدا ئامادە بن، ڕوونیکردەوە: لە خولەکانی ڕابردووی فێستیڤاڵدا، کەمتر سەرنج دراباوویە بەشداری چالاکانی بەرپرسی دڵزینەوەی بازاڕی سینەما، بەڵام ئەمساڵ نە تەنیا بڵاوکەرەوەکانی ئڕانی بەکوو چالاکانی بەرپرسی دڵزینەوەی بازاڕی سینەمای وڵاتانی دیکە و کۆیارانی ناوچەیی بانگهێشت دەکەین بۆ ئەوەی کە لەم فێستیڤاڵەدا بەشداری بکەن.
تابڕش لە وڵامی یەکێک لە هونەرمەندانی خاوەن پێداویستی تایبەت، ڕوانگەی فێستیڤاڵی بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندام شیکردەوە و جەختی لەوە کردەوە: یەکێک لە ڕوانگەکانی ئەم فێستیڤاڵە پاڵپشتی کردن لە کەم ئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتی جەستەییە. ساڵی ڕابردوو لەم فێستیڤاڵەدا بەشێک بە منداڵانی کارکەر و ئەو منداڵانەی کە بارودۆخی تایبەتیان هەیە تەرخان درا و لە فێستیڤاڵی ئەمساڵیشدا وەها ڕوانگەیەک گەشەی پێدەدەین.

دەبیر و بەرپرسی ئەم فیستیڤاڵەدا گوتی: ئەمساڵ بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە فیلمەکانی فێستیڤاڵ هاوکات لەگەڵ ئیسفەهان لە سەرتاسەری وڵاتی ئڕان نمایش دەکرێن، بۆجگە لەوەی کە سینەماکان دەتوانن بەردەنگەکانی خۆیان لە کۆی کەم ئەندامان، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، منداڵانی کارکەر و یان چین و توێژی هەژاری کۆمەڵگا هەبژێرن، ئەمەش ئەم هەلە بە بەردەنگەکانی فێستیڤاڵی سی و دووهەم دەدەین کە لە دوای بینینی فیلمەکان، لە ڕاپرسی گشتیدا بەشداری بکەن و بیروڕای خۆیان سەبارەت بەو فیلمەی کە پێیان خۆش بووە، دەربڕن. بۆ گومان ئەم بیر و بۆچوونانە بۆ سیاسەتداڕێژان و چالاکانی بواری سینەمای منداڵ و مەرمنداڵ، بیرکە خولقێنە و ڕێگا دەکاتەوە.

لە کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیەدا لەل لایەن "عەلیەزا تابڕش" دەبیر و بەرپرسی سی و دووهەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئڕان و "ئیمان حوجەتی" بەڕێوەبەری جۆبەجۆکاری فێستیڤاڵەکە لە ئیسفەهان، لە تۆکڕشان و زەحمەتەکانی بەڕێوەبەری جۆبەجۆکار و جۆگری یەکەمی ئەو لە خولی ڕابردووی فیستیڤاڵی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵان قەدرناسی کرا و ڕێزیان لێ گیرا.

سی و دووهەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئێران ICFF لە ڕۆژانی 28ی گەلاوێژ تا 4ی خەرمانانی 1398ی هەتاوی ڕێکەوتی 19 تا 26ی ئۆگەستی 2019ی زایینی لە دوو بەشی "نەتەوەیی" و "نێونەتەوەیی"دا بە بەرپرسیاریی "عەلیەزا تابش" لە شاری مەژوویی ئیسفەهان لە وەاتی ئێران بەڕێوەدەچێت.

بۆ زانیاریی زیاتر:
/https://en.icff.ir

ڕاگەیاندنی گشتیی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئیسفەهان.

سێ شیعر ... نێوزاد بێندی

بیرت ئەکەم کە وەستاوم
بیرت ئەکەم کاتێ ئەڕۆم
بیرت ئەکەم کە برسیمە
بیرت ئەکەم کە نان ئەخەم

لە یادمدای کە هوشیارم
لەیادمدای کاتێ خەوتووم
لەیادمدای کاتێ تووڕەم
کە لە هەمنیدا نوقوم بووم

بیرکردنت وەک هەناسە
ساتێ ڕاوەستێ ئەخنکێم
هەنگاوێ لێت دوورکەومەوە
هەزار هەنگاو بەرەو ڕووت دێم

خەیشت بۆ حاڵێ ئەزانی
بۆیە جەلادیت لە گەڵما
هەتاکو گوڵێ ئەوێنی
سەد مین ئەچنی لە دەما.

_____

نەیشتبینم ،
تەنگەتاو نیم ..
شوەن پەیەکت ، وا بە هەر بستەکی
بوونمەوە ..
جە پەنجەت،
هەناسەت ..
بەنت.. وان بە هەر گەشیەکی
دەروونمەوە ..

نەیشتبینم ،
تەنگەتاو نیم ..
بینین لە کەشانی وەنەت ،
دەستەوسانە ..
ەنگە بەم کە ناتبینم ،
ئەو کاتە
ەوخسارت جوانە ..

_____

باش..
ئیتر بە خەیاڵیش
داوای دوو قاوە ناکەم
هەر یەک قاوە و
تەواو ..

باش ..
ئیتر بە خەویش
دوو بلیت نابەم
هەر یەک بلیت و
تەواو ..

باش ..
ئیتر بە سوعبەتیش
دوو نەفەر داوا ناکەم
هەر یەک نەفەر و
تەواو ..

ئیتر
قبوە ناکەم

تەنانەت سەبارەکەیشم
لەگەڵما بوا ..
هەر خەم و
تەواو ..

نەوزاد بەندی

دەزانن پێوەری دەستنیشانکردنی کاندیدەکان چۆن بووە؟ ... عیماد عەلی

ئەگەر چاو بە کاندیدەکانی گۆران و یەکێتی بگێڕیت و وەزعی نوخبەی و کێشە و ململانێی نێو ئەو دو حزبە بخوێنیتەوە، ئەوا هەر لە سەرەتاوە بۆت دەردەکەوێت کە تەنها و تەنها رازیکردن و لەبەرچاوگرتنی پێگە و قورسایی و بەرژەوەندی کوتلە و جەمسەرەکانە حوکمی یەکلاییکردنەوی کاندیدەکانی داوە، ئەمەش ئەگەر بە یاریەکی تەکتیکی بە ناوی هەڵبژاردن و تەخویلکردنی کەسێك و گفتوگۆی سەرکردایەتی و گۆینەوەی راوبۆچونی نێوان سەرجەمسەرەکانیش بووە، نەك هەڵسەنگاندنی دەستەجەمعی بۆ دانای خەڵکی شیاو و لێهاتوو بۆ شوێنی شیاوی خۆی، بەلگەی راستی ئەم قسەیەش ئەمانەیە:
*زۆرینەی رەهای کاندیدەکان ئەو کەسانەن کە پێش هەڵبژاردن لە لایەن سەرجەمسەر و خەتی سەرکردایەتیەکانیانەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە و بە پێی وەزعی نوخبەی حزبەکانیان هەڵسەنگاندیان بۆ کراوە بۆ لە بەرچاو گرتنی هیچ پێوەرێکی تر و ئەوەی باسی لێنەکراوە پسپرێتیەکانیان بووە" بەگەش بۆ ئەمە وەك دەزانین پێش ئەم هەڵاوهوریایە ناوی سەرجەمیان لە سەر جادە باس دەکرا و هەموو لایەك

دەیزانی کە کێ وەزیر و کێش گزیرە و کتومت هەرواش دەرچوو.
*ئەوەی دەرکەوت کە کێمەڵك خەڵك لە بازنەیەکی تەسکدا بێ مەرامی حزبی کاندید دەستنیشان دەکات، وەك ئەوەی کاری حزبی بە کاندیدەکە راسپێردرێت نەك ئەرکی حکومەتی، بەڵگەش بێ ئەوە خەڵك هەیە لەبەر زیزنەبونی کە کاندید نەکراوە بێ پێستێك کە ویستی لەسەربووە پێستێکی تر پێبەخشراوە و لە ویستی خۆیدا نەبووە و خەڵکیش هەیە شایانی زیاتر لە کاندیدبونە پشتگوێخرواە.
*زۆرینەی ئەهای کاندیدی پلە باڵاکان لە ئەندامە باڵاکانی حزبەکانن واتە مەکتەبی سیاسی و خانەی راپەراندن و کورانی سەرجەمسەری بنەماڵەیی و خەڵکی نزیك لە خەتەکەی سەرۆك و ڕۆکەخەر و دەستێیشتووی حزبەکە و کەسی یەکەم و دووەم و… تادوایی، ئەمەش بێ یەکلایکردنەوەی کێشەی حزبی تەسك و بنەماڵەییە، بۆیە بە مەبەستی حزبی دیاریکروان نەك زەڕەیەك توانا و لێوەشاوەیی و شارەزایی کاروباری حکومی لەبەرچاو بگیرێت.

- سیقی و شارەزایی و توانا و ئەو قسانەی پێشتر دەکرا لە جێبەجێکردنی دیموکراسیەت لە دیاریکردنی کاندیدەکان و لەبەرچاوگرتنی پسپێڕی و پێویتسبونی خەڵکی شیاو، هەموو بڕقی سەر ئاو بوون، بۆیە ناوی کاندیدەکان بە کوتلەبازی و ڕێککەوتنی پێشوەخت بە شەوێك لە لایەن سێ بۆ چوار کەسەوە یەکلایی کرایەوە.
- *ئەوەی دەردەکەوێت کە زۆرینەی ڕەهای کاندیدەکان لەنێو حزبەکان سەر بە ناوچەیەکن کە هەر یەکەو باڵادەستە تێیدا، وا دەردەکەوێت کە لە دەستنیشانکردنی وەزیرەکانیش دوو ئیدارەیی لەبەرچاو گیراوە، ئەوەتا پارتی زۆرینەی هەرەزۆری کاندیدەکانی سەر بە دەڤەرەکەی خۆیە و هەروەها یەکێتی و گۆڕانیش سەر بە زۆنەکەی خۆیانن.
- ئەوەی زیاتر دەرکەوتووە و ئەوەی لەو کێبونەوانەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت و بەلایدا نەچوون باسکردنی ئەو کاندیدانەیە کە ئایا دەتوانێت لەو بوارەدا چیی پێشکەش بکات و پێشبخات، تەنها باس لە دابینکردنی شایستە حزبیەکان و چۆنێتی دابینکردنی بەرژەوەندەی کەسی وحزبیەکان بووە و کێ دەتوانێت لە حکومەتەوە کارە حزبیەکە رایبکات و کامەیان لە بەرژەوەندی کام کوتلەن و بەس. ئەگە کابینەکانی پێشتر تا ڕۆژەیەك خەڵکی تا رادەیەك پسپێڕی تێکەوتبێت ئەمجارە و بۆ کابینەی نوێ ئەوەش نەماوە.
- بۆیە، تا ڕەوتی سیاسی کوردستان بەم شێوەیە بڕوات، نە

چاوەڕی بەڕێوەبردنی حکومەتی جیاواز بین و نە خەڵکی شیاو لە شوێنی شیاو دەبینینەوە. ئێوە تەنها تەماشای ئەو وەزارەتانە بکەن کە هەستیارن دنگەی پشکەوتنی هەموو میلەتێکن و پێویستی بە لێهاتوویی زیاتر و خەڵکی پسپۆری شارەزای خاوەن زانست و مەعریفەیەی زیاترە لەوانی دیکەی، بە پێچەوانەوە خەڵکی وا دانراون کە تەنها سەر بە بنەماڵەو خەتەکانن و بەس. بۆیە چاکسازی و گۆڕینی شێوازی حوکمداری قسەی رووتبوو، تەنها چاوەڕێی هەڵەی زیاتر و پاشەکشە بین نەك حوکمی رەشید، چاوەڕی زیاتر دەوڵەمەندبونی دەوڵەمەندەکان و هەژاربونی هەژارەکان بین نەك دادپەروەری کۆمەڵایەتی، چاوەڕی حوکمێکی پر کشە و میلەتێکی پر لە چەرمەسەری بین نەك ئارامی و ئاسودەیی، چاوەڕی ملکەچبونی زیاتر بێ وڵاتانی دەوروبەر و لاوازی زیاتر لەبەرامبەر بەغدا بین نەك بەهێزبون و پشکەوتن، دەبێت چاوەڕی ئەوەبین هەروا زیاتر فرەکەی تورکیا و فشاری ئێران بە زەقی لە کوردستاندا ئامانجی خۆیان بپێکن. لەهەمووی چەرمەسەریتر دەبێت چاوەڕی ئەوەبین کە کشە و ململانێی حزبەکان زیاتر لە کابینەکانی پشوو لەناو حکومەتدا رەنگبداتەوە.